www.renesans.nu

## ئەمرۆ لە 16ی ئادار و 18مین سالرۆژی کیمیبارانی بارانی هەڵەبجەدا، ئەو شارە تێرۆر کرایەوە




ڕێنسانس نیوز-

ئەمرۆش لەشاری هەڵەبجە لە ساڵیادی کارەساتەکەدا ئالۆزی هاتە ئاراوە و زیانی گیانی لێکەوتەوە.

جەماوەری شار خواستیان ڕێپێوانێک بەرەو مەزاری قوربانیانی هەڵەبجە سازبکەن بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ڕێ بە چالاکیەکەیان نەدرا، لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و خەڵکی شارەکەدا شەڕ هاتە ئاراوە.

هێزەکانی پۆلیس تەقەیان لە جەماوەر کرد و 10 کەس بریندار بووە و دوو کەس برینەکەیان سەختە و کەسێک بەناوی "کوردە ئەحمد سەعید" ژیانی لەدەستدا.

پاش ماوەیەکی کورت ژمارەیەکی زۆر لەخۆپێشاندەران، هێرشیان کردە سەر "مۆنۆمێنت"ی هەڵەبجە و سوتاندیان.

شایانی باسە بەر لە چەند ڕۆژێک خەڵکی شاری هەڵەبجە بەهۆی ئەو بەڵێنانەی کە پێیان دراوە لەلایەن کاربەدەستانەوە جێبەجێ نەکراوە داوایان کرد کە کاربەدەستانی حکومی نەیەنە شارەکەیان بۆ یاد کردنەوەی هەڵەبجە، چونکە کاربەدەستان خەریکی گەندەڵی و دزین، ئاگایان لە جەماوەری لێقەوماوی شاری هەڵەبجە نیە، بەتەنیا وەک کەرەستەیەکی سیاسی بەکاری دێنن.

سەبارەت بە هۆکاری سوتاندنی "مۆنۆمێنت"ی شارەکە بەشداربوێک لە خۆپێشاندانەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین بەم شێوەیە دوا:

-لەوانەیە دەسەڵاتی کوردی ئەو بابەتە بەکاربێنێت لە خزمەتی چەواشەکاریدا، بەڵام لای هەموو کەس ئاشکرایە، ئەو "مۆنۆمینت"ە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە ساز کراوە، هیچ بایەخێکی بۆ شار نیە جگە لە سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بیانی کە سەردانی ئەو شارە دەکەن، ئەوان عارەبانەیەکیان ساز کردوە پڕە لە پێڵاوی خەڵکی هەڵەبجە بەڵام دوای 15 ساڵ لە ڕزگاربونی شاری هەڵەبجە لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس، ئێستاش خەڵکی ناحزبی ئەو شارە هەر بێ پیلاون، بێ کارەبان، بێ ڕێگان، بەرهەمەکانیان دەدزرێ، بۆیە ئەوە بەڕای من شتێکی خراپ نەبوو شتێکی باش بوو.

لە وەڵامی پرسیاری کێ لەپشت ئەو خۆپێشاندانەبوو گوتی:

-هەرلە ئێستاوە لایەنەکانی سەربە دەسەڵات ئەو هەواڵە بڵاو دەکەنەوە کە گوایە لایەنێکی دژ بە بەرژەوەندیە گوایە باڵاکانی نەتەوەی کورد لەپشت ئەو ڕوداوەیە، لە ڕاستیدا شتێکی ڕوون ئاشکرایە، ئەو خۆپێشاندانە بەتەنیا لەلایەن خوێندکاران و ڕۆڵەی شەهیدان سازکراوە، دەسەڵاتی کوردی لە سلێمانی هەر خۆپێشاندانێک بە کاری ئاژاوەو تێرۆریستی و دژ بە بەرژەوەندیە باڵاکانی گەل لێکدەداتەوە ئەوەش جگە لە دووبارەکردنەوەی قسەی بەعسی پێشو هیچ واتایەکی دیکەی نیە و ئەگەر دەسەڵاتی سلێمانی وادەکات ئەوە بەواتای ئەوە نایە کە دەسەڵاتی هەولێر لەوان باشترە، بەڵکو ئەوان هەر بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەخۆپێشاندان نادەن.

هەر لە میانەی خۆپێشاندانەکەدا هەڵەبجەییەکان داوایان لە شاندی ئیتاڵی و ژاپۆنی و شاندە میوانەکان کردبوو کە سەردانی ماڵی قوربانیان و ناو شاری هەڵەبجە بکەن، نەک تەنها بارەگای حزبەکان و بەرپرسانی حکومی.

بەڵام زانرا کە ئەمرۆ شاندە ئیتاڵی و ژاپۆنیەکە ڕێیان پێنەدرا کە بچنە نێو هەڵەبجە و گەڕێنرانەوە و هاوکات هێزەکانی ئاسایش لە خاڵەکانی کۆنترۆڵی هەڵەبجە دەستیان بەسەر کامێرا و کاسێتی رۆژنامەوانانیشدا گرت.

لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی چاک ڕایگەیاند ئەوان لەم ساتە بە دواوە دەست بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ شەرمەزارکردنی هەڵوێستی ئاسایش و ئەو ئیمزایانەش ڕەوانەی لای ئەمنیستی ئینتەرناسیۆنال دەکرێن.

www.renesans.nu

## کۆماری ئیسلامی ئیران یادکردنەوەی ساڵرۆژی هەڵەبجەی لە کوردانی قەدەغە کرد



ڕێنسانس نیوز- خۆیندکارانی کوردی دانیشگاکانی ئیران بۆ شەرمەزارکردنی هەژدەمین ساڵرۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە بەیاننامەیەکی نوسراویان بڵاو کردەوە.

لە بەیاننامەکەدا دەڵێن: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجامدرا، ئەگەر چی لە تێڕوانینی چاودێرانی جیهانی وەک کارەساتەکانی شەڕە جیهانیەکانی، بۆمبارانی ئەتۆمی هێرۆشیما و ناکازاکی دەبینرێت، بەڵام هەڵەبجە کارەساتی گەورەترە لەوانە، لە بەر ئەوەی ئەوە نمونەی کارەساتێکی مێژووی هاوچەرخە.

لە لێدوانەکەی خوێندکاراندا هاتوە تەنها هەڵەبجە وەکو هەڵەبجە دەمێنێت و یادکردنەوە و زیندو ڕاگرتنی ئەرکی هەر مرۆڤێکە و بە تایبەتی ئێمەی کورد.

هەروها ئاماژیان بەوە کرد کە دەبوو هەڵەبجە ببێتە دۆزێکی جیهانی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیش دەبوایە ئەوەی لەبەرچاو بگرتبایە تائێستا نەبووە و هیچ سەرنجێکی سیاسی ئابوری و کۆمەڵایتییان بۆ هەڵەبجە ڕانەکێشراوە.

خۆیندکاران دەلێن، ئێمە بە توندی رێگری یادکردنەوەی هەڵەبجە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران شەرمەزار دەکەین و لە هیچ کۆبونەوە و مەراسیمێکدا کە دەوڵەت بیەوێت سازی بکات بەشداری ناکەین.

www.renesans.nu

## رێخراوی پشتگیری لە مافی مرۆڤی کوردستان بە لێدوانێک یادی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەی کردەووە و داوای کرد بکەرانی جینۆساید و ئەنفالی گەلی کورد دادگایی بکرێن



رێنسانس نیوز- رێخراوی پشگیری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە لێدوانەکەیدا ئاماژە بە گەلی کورد لە وڵاتانی تورکیا سوریا و ئێران دەکات کە بەدەیان ساڵە، ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژی دەبنەوە و کارەساتی کیمابارانی هەڵەبجەی بەبیر هێنایەوە.
رێکخراوەکە لە گەڵ رێزگرتن لە یادی قوربانیانی شاری هەڵەبجە قامیشلی و ماکۆ دواکاری کۆتایی هێنان بە سیاسەتی پاکتاوکردن و قڕکردنی گەلی کورد لەو وڵاتانە.
بە بۆچونی رێخراوی پشگیری لە مافی مرۆڤی کوردستان ئەو هێرش و کۆمەڵکوژیانە دژی کۆنڤانسیۆنی پشتگیری لە کۆمەڵکوژیە و داوای کرد بکەرانی ئەو تاوانانە بناسرێن و دادگایی بکرێن.

www.renesans.nu

## لە شەوی چوارشەمەسووری دا کە دوایین چوارشەممەی پێش جەژنی نەورۆزە 90 بانک لە ئیران سوتێنران



رێنسانس نیوز- رۆژنامەی ئیرانی کەیهان ڕایگەیاند کە لە شەوی چوارشەمەسووری خەڵکی مەدەنی 90 بانکیان لە چەند شاری ئیران سوتاندووە، هەروەها 9 کەسی هێزەکانی ئاسایشی حکومەت بە دەستی خەڵک کوژران.
سەرچاوەکان ڕایانگەیاند، لە شەوی چوارشەمەسووری 122 کەس بە دەست هێزەکانی ئاسایش بریندار بوون کە 37 کەسیان بە هۆی سەختی برینەکانیان گوازرانەوە نەخۆشخانەکان.
هاوکات خەڵکی مەدەنی لەلایەن هێزەکانی ئینتیزامیەوە دەستگیرکران و لە شارەکانی تری ئێران ڕاگەیەندرا لە ئۆستانی فارس 306 کەس، مراغە 36 کەس، تاران 174 کەس، هەمەدان 70 کەس و سەمنان 367 کەس دەستگیرکراون.
ڕاگەیەنرا کە گیراوان هاتا دووایی 13 بەدەر 13 ڕۆژ پاش نەورۆز ئازاد ناکرێن.

www.renesans.nu

## ئەمرۆ پەرلەمانی عێراق دوای 3 مانگ لە هەڵبژاردنە گشتیەکان کۆبووەوە



ڕێنسانس نیوز- سەرانی کوتلە سیاسیە براوەکانی هەڵبژاردن و سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تالەبانی و سەرۆک وەزیران ئیبراهیم جەعفەری بەشداریان لە دانیشتنەکەی ئەمرۆ کرد.
لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنەکە عەدنان پاجەچی قسەی کرد و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کۆنی ڕاگەیاند.
پاچەجی لە قسەکانیدا ئاماژەی بە پێداویستی یەکێتی ڕیزەکان و پەلەکردن لە سازکردنی حکومەتدا کرد.
لە دانیشتنی ئەمرۆدا سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەکان دەستنیشان نەکران و دانیشتنەکە هێڵرایەوە تا گەیشتن بە سازکردنی حکومەتی نوێ.
لەدوای کۆبونەوەی پەرلەمان سەرۆک وەزیرانی عێراق ئیبراهیم جەعفەری لە لێدوانێکی چاپەمەنیدا ڕاگەیاند: کە ئەو خۆی لە پۆستی سەرۆک وەزیران ناکێشێتەوە تا ئەو کاتە کە گەلانی عێراق بڕیار دەدەن.
لەلایەکی دیکەوە لە ئاکامی ڕاپرسیەکدا ڕوون بۆوە کە لەسەدا 90 زیاتر لە کوردەکان لە باشوری کوردستان ئیبراهیم جەعفەریان وەک سەرۆک وەزیران پێ پەسەند نیە.
شایانی باسە ماوەیەکی لیستی عێراقیە و لیستی هاوپەیمانی کوردستان و بەشێک لە سیاستەمەدارانی سوننە مەزهەب گوشار بۆ لیستی ئیئتیلاف دێنن تاکو دەستنیشانکردنی ئیبراهیم جەعفەری بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەڵوەشێننەوە، بەشێک لە چاودێرانی سیاسیش پێیان وایە ئەو لایەنانە هیچ ناکۆکیەکیان لەگەڵ جەعفەری نیەو مانەوەی جەعفەری لەو پۆستەدا بەتەنیا پەیوەندی بە نارەزایی سیاسەتی ئەمریکا هەیە، بەڵام پێ ئەچێت لایەنەکان تا دوایی سورنەبن لەسەر هەڵوێستەکردنیان لە دژ جەعفەری.

www.renesans.nu

## پۆلیسی تورکیا هێرشی کردە سەر پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان



ڕێنسانس نیوز- 1200 پەنابەری کوردی رۆژهەلاتی کوردستان کە لە تورکیا کە زیاتر لە 5 ساڵە چاوەڕێ گواستنەوەن بۆ وڵاتی سێهەم نارەزایی لەبەرامبەر دۆخی نالەبار و بێ خەمی کاربەدەستانی تورکیا دەردەبرن.

هەر بەو مەبەستە ئەمڕۆ کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانی 200 پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی دژ بەو سیاسەتەی تورکیا لە بەردەم نوسینگەی کومیسارییای پەنابەران لە ئانکارا کۆبوونەوە.

بەڵام بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە وەڵامیان نەدایەوە، پەنابەران، ڕوبەرووی سەرکوتکردنی هێزەکانی پۆلیسی تورک بونەوە و داوایان کرد کە بەرپرسانی کۆمیسارییای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئاشکراکردنی هۆکارەکانی ڕاگیرانی 5 ساڵەیان وەڵامیان بداتەوە.